# پێگەی حکومەتی ئێران دوای ڕاگەیاندنی هەواڵی

# دەست ڕاگەیشتنی بە تێکنۆلۆژی ئەتۆمی!

**سەلاح فارووقی**

پاش ئەوەی "مەحموود ئەحمەدی نژاد" سەرکۆماری ئیسلامی ئێران، دەست ڕاگەیشتنی ئەم حکومەتەی بە تێکنۆلۆژی پیتاندنی یۆرانیۆم ڕاگەیاند، نیگەرانیەکانی کۆمەڵگای جیهانی بەرانبەر بە چالاکیە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی بەرچاو پەری سەندووە.

زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە ڕۆڵی کاریگەر لە نیزامی نێونەتەوەیدا دەگێرن، دەست ڕاگەیشتنی حکومەتی ئێران بە تیچکنۆلۆژی ئەتۆمی بە هەڵەیەك بۆ ئەم حکومەتە دەژمێرن. لە هەمان کاتیشدا لە چاپەمەنیەکانی جیهاندا لە سەر ئەوەی کە حکومەتی ئەمریکا خۆی بۆ هێرشی نیزامی بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی ئامادە دەکات، چەند ڕاپۆرتێك بڵاو بۆتەوە.

بەرپرسانی پایەبەرزی ئەمریکا زۆربەی ئەم هەواڵو ڕاپۆرتانەیان ڕەتکردۆتەوەو لەگەڵ ئەوەی کە پێداگریان لە سەر ئەوە کردوە کە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ئەتۆمی ڕژیمی ئیسلامی لە ڕێگەی دیپلۆماسی کەڵك وەردەگرن، بەڵام جەختیان لە سەر ئەوەش کردۆتەوە کە بژاردەی نیزامی یەکێك لە بژاردەکانی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ حکومەتی ئێرانە.

ئەو پرسەی کە لێرەدا ئاشکرایە ئەوەیە کە ڕاگەیاندنی دەست ڕاگەیشتنی حکومەتی ئێران بە یۆرانیۆمی پێتێندراو لە ئاستی **3/5%**ی کە ژمارەیەك لە بەرپرسانی ئەم حکومەتە لە پێوانەی پیشەییو ژمارەیەکی تریش لە پێوانەی تاقیگەییدا باسیان لێوە کردووە، نە تەنیا نەبۆتە هۆی کەم بوونەوەی گوشارە نێونەتەوەیەکان بۆ سەر ڕژیمی ئیسلامی، بەڵکوو سیمای ڕاستەقینەی ئەم ڕژیمەی وەکوو نیزامێك کە دژی کۆمەڵگای جیهانی وەستاوەتەوە زیاتر لە ڕابردوو دەرخست.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاوە پێیان وابوو کە بە ڕاگەیاندنی هەواڵی دەست ڕاگەیشتنی ئەم حکومەتە بە تێکنۆلۆژی پیتاندنی یۆرانیۆم، ئەنجومەنی ئاسایش لە بەرانبەر کاری کراوەدا دادەنێتو داواکاری ئەم ئەنجومەنە سەبارەت بە هەڵپەساردنی سەرجەم چالاکیە ئەتۆمییەکانی حکومەتی ئێران بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیك بێ بایەخ دەکات. بەو پێیەش بێ بایەخ بوونی داواکاری ئەنجومەنی ئاسایش ئەو دەرفەتەی بۆ دەسەڵاتدارانی ئیسلامی دەرەخساند کە لە ئاستێکی جیاوازدا درێژە بە وتووێژەکانی خۆیان بدەنو لە سەر قۆناغەکانی دواتری پیتاندنی یۆرانیۆم لەگەڵ ئەو وڵاتانە مشتومڕ بکەن.

بەڵام پێش بینیەکانی دەسەڵاتدارانی ڕژیمی ئیسلامی لە ڕاستی بە دوور بوو، چونکە لایەنەکانی بەرانبەری ئەم ڕژیمە نەتەنیا دەست ڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە تێکنۆلۆژی پیتاندنی یۆرانیۆمیان بە کارێکی کراوە لێکنەداوە، بەڵکوو هەر وەك ڕابردوو لە سەر داواکارییەکانی خۆیان لەمەڕ هەڵپەساردنی سەرجەم چالاکیەکانی پیتاندنی یورانیۆمی حکومەتی ئێران پێداگریان کرد. ئەم هەڵوێستەی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بووە هۆی ئەوەی کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی هەڵوێستی توندتر بگرنو وێڕای پێداگری لە سەر درێژەدان بە پیتاندنی یورانیۆم، تەنانەت ئامادەیی خۆیان بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوە لەگەڵ هەر چەشنە هێرشێکی ئەمریکاش ڕابگەیەنن.

ئەم هەڵوێستە ڕاشکاوانەیەی دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئێران وای کرد کە نیگەرانی وڵاتانی بەرانبەری ئەم ڕژیمە پەرە بستێنێ. بە جۆرێك کە نوێنەری ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش لەگەڵ ئاڵمان لە مسکۆ کۆبوونەوە بۆ ئەوەی سەبارەت بە هەڵوێستە پراکتیکەکانیان لەهەمبەر ڕژیمی ئێران لە داهاتوودا، پێکەوە وتووێژ ئەنجام بدەن.

هەر چەندکە ڕوسیەو چین دژی ئابلۆقەی ئابوریو هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێرانن، بەڵام ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە ئەم دوو وڵاتە لە داهاتوودا هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر بە ڕژیمی ئیسلامی بگۆڕن، چونکە حکومەتی ڕوسیە ئێستاش باوەری وایە کەحکومەتی ئێران چالاکی پیتاندنی یۆرانیۆمی خۆی هەڵدەپەسێرێت، بەو پێیەش ڕوسیە هەڵوێستی ئەم دواییانەی کۆماری ئیسلامی بە تاکتیکێك بۆ دەست پێکردنی وتووێژ لێکداوەتەوە.

بەڵام ئەگەر بێتوو ئەم لێکدانەوەی ڕوسیە بەرانبەر بە ڕژیمی ئیسلامی هەڵە بێت، پێدەچێت ئەم وڵاتە لەمەوبەدوا نەتوانێت بە ئاسانی دژی سزادانی حکومەتی ئێران لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە هەڵوێست بگرێت. چونکە پێداگری کۆماری ئیسلامی لە سەر درێژەدان بە پیتاندنی یۆرانیۆم لە کاتێکدا ڕێئاکتۆری بۆ کەڵك وەرگرتن لەم بەرهەمە نیە، بۆتە هۆی ئەوەی کە زیاتر لە ڕابردوو حکومەتی ئێران بەوە تۆمەتبار بکرێت کە دەیەوێت چەکی ئەتۆمی دروست بکات.

بە واتایەکی تر هەڵوێستی پێشووی حکومەتی ئێران سەبارەت بە پێویستی لێکۆلینەوە لە بواری پیتاندنی یۆرانیۆم، تا ڕادەیەك ژمارەیەك لە وڵاتەکانی بە قەناعەت گەیاندبوو کە بەرنامە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی ئاشتیخوازانە بەکار دێت.

بەڵام ئێستا کە رژیمی ئیسلامی رایگەیاندووە کە لێکۆڵینەوە لە بواری پیتاندنی یۆرانیۆم بە ئاکامی دڵخوازی گەیشتووەو ئەم رژیمە بۆتە خاوەنی تێکنۆلۆژی پیتاندنی یۆرانیۆم، هەربۆیە پێداگری لە سەر پەرەپێدانی پیتاندنی یۆرانیۆم ئەویش لە کاتێکدا کە رێئاکتۆری پێویست بۆ بەرهەمهێنانی وزەی برقیان نیە، بۆتە هۆی ئەوەی کە بەرانبەر بە بەرنامە ئەتۆمییەکانی حکومەتی ئێران لای ژمارەیەك لە وڵاتەکان شك‌و گومان دروست بێت‌و هەروەها هەڵوێستی ئەمریکاش سەبارەت بە نائاشتیخوازانە نەبوونی بەرنامە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی بەهێزتر بێت.

تەنیا رێگەی چارەسەر کردنی کێشەی ئەتۆمی رژیمی ئێران ئەوەیە کە ئەم رژیمە لە سیاسەتەکانی ئێستای خۆی واز بێنێت. هەرچەند هەڵوێستی توندو تیژی دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئێران لەم رۆژانەی دواییدا وای کردوە کە پاشەکشە کردن دژوار بێت، بەڵام سەرەرای ئەوەش لە جیهانی سیاسەتدا هەر شتێك مومکینە.

بەو پێیەش بێ دەنگی "عەلی خامنەیی" رێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران بەرانبەر بە راگەیاندنی هەواڵی دەست راگەیشتنی ئەم رژیمە بە تێکنۆلۆژی ئەتۆمی دەتوانێت هێمایەك بێت بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەموو دەرگاکانیان لە سەر خۆیان دانەخستووەو رەنگە لە داهاتوودا بریاری زۆر سەیرو سەمەرە بدەن. ئەنجامدانی کردەوەیەکی وەها لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا بی وێنە نیە. چونکە لە کۆتایی رۆژەکانی شەڕی ئێران‌و عێراق لەگەڵ ئەوەی کە بەرپرسانی رژیمی ئیسلامی بە نهێنی خۆیان بۆ قەبوڵ کردنی بریارنامەی 598 ی ئەنجومەنی ئاسایش ئامادە دەکرد، بەڵام لە لێدوانەکانی خۆیاندا بە جۆرێك باسی ئەو شەرەیان دەکرد کە پێدەچوو تا رووخانی رژیمی بەعس واز لەو شەرە نەهێنن.

هەرچەند ئەگەری ئەوەلە ئارادایە کە ئەم رووداوە بۆ جارێکی تر لەمێژوی حکومەتی ئێران دووپات بێتەوە، بەڵام لەمبارەیەوە هیچ گارانتیەك بەدی ناکرێت، چونکە مێژوو جاری وایە دووپات دەبێتەوەو هەندێ جاریش دووپات نابێتەوە.

سەرچاوە: بی بی سی